

KCCRC

Islamic Studies

# سەلەفییەت و ئەویتر
# مامەڵەی سەلەفییەت لەگەڵ جیاواز لە خۆی

٨٧ زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# سەلەفییەت و ئەویتر
# مامەڵەی سەلەفییەت لەگەڵ جیاواز لە خۆی

زیرەك ئەحمەد رەحمان

زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان ٨٧

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com
kurdistan.kccrc@gmail.com
facebook.com/kurdistanccrc
053 - 318 2929
عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

کانوونی یەکەمی ٢٠١٩

# سەلەفییەت و ئەویتر
# مامەڵەی سەلەفییەت لەگەڵ جیاواز لە خۆی

زیرەك ئەحمەد رەحمان

## پێشەکی

سەلەفییەت وەک ڕەوتێکی دینی لە کۆمەڵگەدا، لە چەندان ڕوانگەوە ئێی دەڕوانرێ. بەڵام لە هەر ڕوانگەیەک لەم ڕەوتە بڕوانرێ، ئەوا لێکدانەوەیەکی جیاواز دەخاتەوە. ئەمە جگە لەوەی هەر خودی واژەی سەلەفی، بە شێوەیەک فۆرمێکی دینی نیمچە پیرۆزی پێ بەخشراوە. هەم دەرکەوتەیەکی نامۆشی هەیە لە کۆمەڵگە. بۆیە ئەو ڕوانگەی ئێمە دەمانەوەی لەم باسەدا لای لێ بکەینەوە، بریتییە لە مامەڵەی سەلەفییەت لەگەڵ ئەوی تر، یاخود ئەوەی لە زاراوە دینییەکان پێی دەڵێن موخالیف. دنیابینی سەلەفیانە تا چەند پانتاییەکی فراوانی هەیە بۆ ئەوانەی کە لەو جیاوازن.

## مانای سەلەف و سەلەفی

زۆر وتراوە لەسەر بنەما و مانای وشەی سەلەف و سەلەفییەت، کە پێویست ناکا لێرە زۆری بەسەردا بچینەوە، مەگەر لاکردنەوەیەکی خێرا وەک بەبیرهێنانەوە. وشەی سەلەف لە بنەڕەتدا لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانای ڕابردوو و پێشین دێت(١). سەلەفیەکان دەڵێن: سەلەف بریتییە لە سەحابە و شوینکەوتووانیان واتە تابعین، هەروەها شوێنکەوتووی ئەوان واتە تابعی تابعییەکان، ئەوانەی لە سێ سەدەی یەکەمی ئیسلام ژیاون(٢). وەک ئاماژەیەک بەو حەدیسە: چاکترین سەدە سەدەی منن، ئینجا ئەوەی دوای ئەوان دێن، ئینجا ئەوەی دوای ئەمان دێن(٣). لەلایەکی ترەوە پێناسەیەکی تری سەلەف هەیە کە ڕەنگە لە ڕووی لۆژیکییەوە ماقووڵتر بێت وەک ئەوەی تهانەوی دەیڵێت: سەلەف لە شەرعدا واتە هەر کەسێک لە دیندا تەقلیدی مەزهەبەکەی بکرێت و شوێنی پێی بکەون، بۆ نموونە ئەبو حەنیفە و هاوەڵانی؛ سەلەفی ئێمەن. بۆیە وا وردبینترە کە سەلەفییەت وا بناسێنین: بریتیین لەو حەنبەلیانەی سەدەی چوارەمی کۆچی، پاشان لە سەدەی حەفتەمی کۆچی لەسەر دەستی ئیبن تەیمییە دەرکەوتنەوە، پاشان لە سەدەی دوازدەی کۆچی لەسەر دەستی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە نیمچە دوورگەی عەرەبی دەرکەوتن(٥). ڕەنگە هەر ئەمەش ڕاستتر بێت لەگەڵ پێناسەکەی تەهانوی، چونکە هەریەک لەوانە پێشین و سەلەفی ئەم ئاراستەیەن.

ئەڵبەت لە قورئاندا لە هەشت شوێن وشەی سەلەف هاتووە و لە هەر شوێنێکدا بە مانایەک هاتووە. لە چوار شوێن بە مانای ڕابردوو دێت. لە چوار شوێنیش بە مانای پێشینەی خراپ دێت کە بریتییە سوڕەتی بەقەرە ئایەتی (٢٧٥). سوڕەتی مائیدە (٩٥) و ئەنفال ئایەتی (٣٨) و زوخرف ئایەتی (٥٦) تەنانەت لە سوڕەتی زوخرف لە باسی فیرعەونی سەردەمی مووسادا هاتووە!

تەنیا یەک حەدیس ئەم وشەیەی تێدا هاتووە، کە پێغەمبەر محەمەد بە فاتیمەی کچەی دەڵێت: وا من خەریکە ئەجەلم دێت، تۆیش یەکەم کەسی لە خێزانەکەم بە دوامەوە دێت، باشترین پێشینیش بۆ تۆ منم(٦). ئەم حەدیسەش واتە من لەپێشدا هاتووم و تۆیش پێم دەگەیت.

## فیرقەی ناجیە (گرۆهی ڕزگاربوو):

زۆربەی مەزهەب و مەدرسە و فیرقە جیاجیاکانی ناو چوارچێوەی ئیسلام، بەردەوام بۆ ڕەواییدان بە هەقبوونی خۆیان و سەلماندنی لاری و لەوێری ئەوی

تر، پشت بەم دەقە حەدیسە دەبەستن: «افترقت اليهود على احدى وسبعين فرقة، وتفرقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة وتفترق امتي على ثلاث وسبعين فرقة» واتە: جوولەکە پەرتبوون بۆ حەفتا و یەک کۆمەڵ، و دیانەکانیش پەرتبوون بۆ حەفتاو دوو کۆمەڵ، ئومەتم پەرتدەبن بۆ حەفتا و سێ کۆمەڵ. ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە موسنەدەکەیدا (٣٣٢/٢) و جگە لەویش گێڕاویانەتەوە، لە گێرانەوەی ئیبن ماجە (٣٩٩٣) و ئەحمەد و هی تریش ئەم زیادەیە هەیە: «كلها في النار الا واحدة وهي الجماعة» واتە: هەموویان لە دۆزەخدان یەکێکیان نەبێت ئەویش

**لە مێژووی ئیسلامدا زۆربەی فەقیهەکان بڕوایان وابوو دەبێ ئیسلام بەردەوام لە جەنگدا بێت و ئاشتی حاڵەتی نائاسایی و دەگمەنە**

کۆمەڵ (الجماعة)یە. لە ڕیوایەتی ئەبەرانیدا بەم جۆرەیە: «ما انا عليه اليوم واصحابي»(٧) واتە: ئەوەی کە ئەمڕۆ من و هاوەڵانمی لەسەرین. جا هەر ڕەوتێک و ئاراستەیەک خۆی وا دەنوێنێ کە ئەمە ئەوان لەسەر ڕاڕەوی سەردەمی پێغەمبەرایەتین، هەرچییەکی جیاوازە لەوان ئەوا لە ڕیزی حەفتا و دوو فیرقەکەی دۆزەخە. بۆ نموونە: کەسایەتییەکی سەلەفیی ئاراستەی وەک شێخ عەبدولقاهیری بەغدادی، لە کتێبی الفرق بين الفرق: هەر بە ناوهێنان، ناوی حەفتا و دوو فیرقەی ئیسلامی ڕیزکردووە لە ئەهلی دۆزەخ. ئەمە لە کاتێکدا ناوبراو لە ساڵی (٤٢٩ک) وەفاتیکردووە(٨). چ ئەمە جگە لەوەی قێزەونکردنی هەموو ئەوی تریکی ناو ئیسلامە. نا لۆژیکیشی تێدایە، بەو پێیەی ئێنر حەفتا و دوو فیرقەکە تەواو، لەمەودوا هەر فیرقەیەکی تر دروست بێت ناکەوێتە ژێر ئەو حەدیسە. ئێنر ئەم دەقە حەدیسە لەگەڵ ئەوەی زۆرێکی ئەهلی حەدیس دەیان قسەی جیاجیان لەسەری هەیە، هەر لە ڕەتکردنەوە تا دەگاتە چەندان تەئویل و تەفسیری جۆراوجۆر. ئەمەی ڕابرد هەر ئەوە نییە، بە پێی حەدیسەکە سەلەفییەت خۆی بە بەهەشتی بزانێت و باقی ئەوانی تر بە تاقمەکانی ناو دۆزەخ. بەڵکو ئەمە لە ژیانی دنیاشدا کاردەکاتە سەر مامەڵەی بابای سەلەفی لەگەڵ ئەوانی تری جیا لە خۆی. ئەڵبەت کە دەڵێین سەلەفی، وەک لە توێژینەوەی تردا باسی جیاوازیی نێوان تەوژم و ئاراستە جیاجیاکانی ناویان کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی جاران، کۆی سەلەفییەکان لەسەر هەندێک بنەمای نەگۆڕ کۆڕا و هاوڕان. لە میانەی باسەکەدا دەردەکەوێ کەوا زادەی کەم جۆری سەلەفییەتە.

### دینەکانی تر:

بانگخوازی ناوداری میسری و موحەدیسی سەلەفی ئەبو ئیسحاقی حوێنی، لە چەندان وتار و دەرسیدا بە ئاشکرا شەڕ و دژایەتی دینەکانی تری جیا لە ئیسلام دەکات، وەک ئەوەی کە لە مێژووی ئیسلامدا زۆرێکی فەقیهەکان بڕوایان وابوو دەبێ ئیسلام بەردەوام لە جەنگدا بێت و ئاشتی حاڵەتی نائاسایی و دەگمەنە، لە وتارێکی حوێنی بە ئاشکرا دەڵێت: ئەو هەژارییەی ئێمەی تێدایین مەگەر بەهۆی ئەمەوە نییە پشتمان لە جیهاد کردووە؟ خۆ ئێمە ساڵانە گەر جارێک یا دووان یان سێ جار غەزامان کردبا خەڵکێکی سەر زەوی زۆر موسڵمان دەبوون، هەر کەسێکیش لەو غەزایە دەگەڕایەوە بە سێ چوار پیاو و سێ چوار ژن و سێ چوار منداڵ–واتە کۆیلەکردنیان–،

جا سەرانەی هەریەکێکیان شەش سەد درهەم یان دینار بێت، ئەوا پارەیەکی چاکت لێی دەست دەکەوێت!»(٩) هەرچەند هەر خۆیشی دەڵێ ئەمە لەبەر لاوازیی موسڵمانان ئەمڕۆ سەختە!!. ئەمە ئەبو ئیسحاق هەر لە خۆیەوە نایڵێت، بەڵکو گەر بڕوانینە توراسی ئیسلامی سوننی، ئەوا لەوە زۆر توندتر و خەستتر دەبینیەوە، کە بە بەڵێنە عومەرییەکان (العهدة العمرية)(١٠) سەبارەت بە مامەڵەی موسڵمان لەگەڵ دینەکانی تر دەبینی. گەر ئەمە ما، ئەوا توێژینەوەیەکی تایبەت لەسەر مەرجە عومەرییەکان دەکەین. ئەڵبەت ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر سەلەفییەکانی کوردستان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئێزیدی(١١) و مەسیحی و جوو(١٢). هەروەها بە ئاشکرا ڕەوتی سەلەفییەت ئەم پچڕانە دەکاتە دوو تای کوفر و ئیمان، بۆ نموونە لە بۆنەی سەری ساڵدا، ئەمە بە ئاهەنگی کافران دەزانێت، بەزیوی موسڵمانانە بەرامبەر جوولەکە و گاور! هەروەها لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەعات (دوازدە)ـی شەوی سەری ساڵ، بۆ ماوەی (پێنج) دەقیقە کارەبا دەکوژێنێتەوە، تا هەر کەس بە کەیفی خۆی باوەش و ماچ و

> **لەنێو ڕەوتی سەلەفییەت بە گشتی جۆرێك لە خۆجیاکردنەوەی شکڵی و ڕەفتاری هەیە**

شتی تر لەگەڵ ئەوی تەنیشتیدا بکات!؟ چۆن دەبێ موسڵمان پێی وابێ عیسا کوڕی خوایە و لەو ڕۆژە لەدایکبووە! چۆن موسڵمان دێت تەقلیدی ئەوانە دەکات کەوا فەرق ناکا لەنێوان خوشک و دایکی و ئافرەتی بێگانە(١٣)!! ئەم هەموو نێکەڵی و پێکەڵییە و بەزۆر لکاندنی بە دینێک و تەڵقیندانی خەڵکی ڕەشۆک، چۆن شینەڵ دەکرێ بە ئاسانی، لە کاتێک بابایەکی ڕیشنی مێزەربەسەر بە ئاسانی دەتوانی بیخاتە مێشکی تاکی سادەی دیندار. بە سەختی دەتوانیت ئەو پرسیارە بخەینە مێشکی، لە کام ئاهەنگی سەری ساڵ بچووکترین بۆنەی دینی تێدایە و یەک دانە پیاوی دینی مەسیحی تێدا بەشدارە. ئەمە لە کاتێکدا سەری ساڵ جیایە و لەدایکبوونی مەسیح شتێکی ترە. چۆن دەتوانرێ ئەم پرسیارە سادەیە بخەینە زەینی موسڵمانێکی سادەی گوێڕایەڵی ئەم وتارانە: ئاخۆ لە کام دەقی ئینجیلدا ڕێ بە بەرەڵڵایی سێکسی و ڕابواردن دەدات و جیاوازی نەکردن لەنێوان خوشک و دایک و بێگانە و زەواجی ئاسایی لە کوێی ئەم دینەدا ئاساییە؟ ئەم هەموو تەڵقیندانە نازانستییە و هاندانە دژەدینییە، تەنانەت هەندێ جار ئەمە کاری کردۆتە سەر کۆی گشتی موسڵمانان. کە هەندێک لە مەلاکان لە وتاری هەینیدا لە کۆتاییدا دوعای مەرگ و لەناوچوونی جوو و دیان دەکەن.

**خۆجیاکردنەوە لەناو ئیسلامەتیدا:**

لەنێو ڕەوتی سەلەفییەت بە گشتی جۆرێک لە خۆجیاکردنەوەی شکڵی و ڕەفتاری هەیە، کە ڕەنگە زۆر جار پێویست بەوە نەبێت قسە لەگەڵ تاکێکی سەلەفی بکەی، تا بزانی بە دڵنیاییەوە خۆیەتی یا نە. بۆ نموونە: لەنێو هەندێکی سەلەفییەکان مەسەلەی ناونان بە کونییە (وەک بڵێی ئەبو فلان و ئەبو فیسار) باوە وەک نەریتێکی باوی عەرەبی. تەنانەت مامۆستا و بانگخوازەکانی سەرەوەی سەلەفییەت ئەمە لەناویاندا باوە(١٤). ئەمە کاریگەرێکی ئایدیۆلۆجییە کە لە پێشتردا زیاتر لەنێو هەوادارانی حزبی شیوعی و هەروەها حزبی بەعسدا هەبووە، ئەڵبەت هەردووکیان

کاریگەریی عەرەبی عێراقییە بەسەریانەوە.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی زۆربەی پیاوانی سەلەفی جلی کوردی دەپۆشن، بەڵام ڕەنگە زێدەگۆیی و زێدەڕۆیی نەبێت بڵێین: کۆی سەلەفییەکان بە دەرلنگی شەرواڵەکانیانەوە دەناسییەوە، چونکە بە هۆی چەند ئێگەیشتنێکی سەلەفیانە بۆ هەندێ دەقی حەدیس، بڕوای سەلەفییەکان وایە کەوا دەبێ هەر پۆشاکێکی پیاو نابێت لە گۆزینگی کەسەکە زیاتر بێتە خوارە و بەڵکو دەبێت لەسەرووی گۆزینگەوە بێت و کورت بێت(١٥). ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەلای ئەوانە ڕیش هێشتنەوە و درێژکردنی واجبە(١٦). ئەمە بە جۆرێک شێوەی سەلەفی لە دوورەوە دەخاتە بەرچاو. هەروەها سەبارەت بە ئافرەتانی سەلەفی، بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان دەگمەن وایە جگە لە سەلەفییەکان ڕووبەند (نیقاب) بپۆشن. چەندان پەیج و ئەکاونتی فەیسبوکی تایبەت بە بڵاوکردنەوە و هاندان بۆ پۆشینی ڕووبەند هەن(١٧)،بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەمەشیان بۆتە مۆرکێکی سەلەفیانە. لە هەمبەر مەسەلەی ڕووبەند شێخ ساڵح فەوزان پێی وایە دەرکەوتنی ڕووی ئافرەت زەقترین عەورەت و گەورەترین فیتنەیە(١٨)! ئەڵبەت ڕەنگە خۆجیاکردنەوەی تری سەلەفیانە هەبێت، دواجار ئەمانە ڕەنگە نامۆبوونێک بخاتەوە لە کۆمەڵگە، بەوەی ئاکی سەلەفی بەردەوام دابڕاو و ترازاو بێت لەو ژینگەی تێیدا دەژی. هەروەها چەندان باسی تری نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردی وەک شوفێریکردنی ئافرەتان و حەرامکردنی لەلایەن پیاوانی دینی سەلەفی سعوودییەوە، بەکوردیکردنی(١٩) ئەم فتوایانە بۆ کۆمەڵگەیەکی وەک کوردی لە هەرێمی کوردستان.

### هەجری ئەوانی تر:

بەو پێیەی کەوا ئەوی تری جیاواز لە سەلەفی، لەناو چوارچێوەی ئیسلام، ڕەنگە یا لە عەقیدەدا جیاواز بێت، یاخود لە لێکدانەوەی بابەتێک لە بابەتەکانی تری ناعەقیدەیی. بۆیە ئەم مامەڵەی سەلەفییەت لەگەڵ جیاواز لە خۆی بە دوو ئاراستەدا دەڕوات. یا ئەوەتا بە ئەهلی بیدعە و تا ئاستی تەشریک و تەکفیر نەیارانی دەبات، یاخود بە مونحەریف و لادەر لە بنەما سەرەکییەکانی مەنهەج ناویان دەبات. بۆیە چاکترین کاردانەوە بەلای سەلەفییەت، هەجر و پشتکردنە ئەوانەیە کە بە نەیاریان دەزانێت. بە کورتی هەجری موبتەدیع: واتە پچڕاندنی هەرچی پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئاکێک کە بەلای سەلەفییەتەوە موبتەدیعە.

ئەڵبەت ئەمە لە خۆڕا نەهاتووە. بەڵکو لە کۆن و نوێدا چەندان فتوای جۆراوجۆری کەسایەتییە ناسراو و کۆڵەگەکانی سەلەفییەت، ئەم بیرەیان دارشتووە و بنەمایان بۆ داناو. بۆ نموونە: ئیمامی بەربەهاری حەنبەلی دەڵێ: ئەگەر پیاوێکی ئەهلی سووننەت دیت، ڕەفتاری خراپ بوو و فاسیق و فاجیر بوو، زۆر تاوانکار و گومڕا بوو، بەڵام لەسەر ڕێگەی سووننەت بوو، ئەوا هاوەڵێتیی بکە و لەگەڵی دانیشە، تاوان و گوناهەکانی ئەو زیان بە تۆ ناگەیەنن، بەڵام ئەگەر پیاوێکی ترت دیت هەردەم خەریکی خواپەرستی بوو و پشت لە دنیا هەر خەریکی پەرستش بوو، بەڵام لە ئەهلی ئەهوا (بیدعە) بوو، نە لەگەڵی دانیشە و نە گوێ بۆ قسەکانی بگرە، تەنانەت لەگەڵیدا بە ڕێدا مەچۆ، چونکە من بە دووری نازانم ڕێی ویت بکەوێتە بەردڵ و لەگەڵیدا تێبچیت(٢٠). لێرەدا پێوەر ڕووکردنە و خوا و پشت لە دنیا و کەسێکی زاهید و بێ کێشە و قرە و گاڵە نییە، بەڵکو پێوەر ئەوەیە سەر بە هەمان ڕەوتی بیرکردنەوە بێت، جا هەموو گیانیشی نقومی تاوان و کاری تێکدەرانە بوو بێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت: تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەبەرچاو نەگرتنی ماهییەتی خواپەرستی لەپێناو ئایدیۆلۆجیاکردنی مەزهەبێکی دینی، ئەمە یەک، دوو ڕەواییدان بە هەرچی تاوان و خراپەکاری و کاری تێکدەرانەیە لەژێر سایەی ئاراستەیەکی دیاریکراوی دینی.

یونسی کوڕی عوبێد کوڕەکەی دیت لە ماڵی خاوەن هەوایەک (ئەهلی بیدعە) دەردەچوو، گوتی:

کوڕەکەم، پێم خۆشترە بتبینم لە ماڵی نێرەموکێک دەرچیت، نەک لە ماڵی فلان کەس و فلان کەس. بچینەوە لای خوا وەک زیناکەر و فاسیق و دز و خائین پێم خۆشترە پێی بگەیت بە قسەی فلان و فلان. نابینیت یونسی کوڕی عوبێد زانیویەتی کە نێرەموک کوڕەکەی لە دینەکەی گومڕا ناکات، بەڵام بیدعەچیی گومڕای دەکات تا بەرەو کوفرکردنی دەبات(٢١). بە واتایەکی تر، سەیری خوێندنەوەی ئەم ڕەوتە بۆ دیاردەیەکی بایۆلۆجی وەک نێرەمووک بکە، پاشان ڕوانینە کۆمەڵاتییەکەیان بۆ ئەم دیاردە، چۆن چۆنی بەستوویەتییەوە بە تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانێک کەوا ئاڕاستەیەکی جیاوازییان هەیە لەناو هەمان دین. واتە لە ئاست خراپەکاری و تاوان دەرچووە، تەنانەت خیانەت و تاوانی گەورە گەورەش سانائرە لەوەی تۆ کەسێک بیت و تەنوانی هەجری موبتەدیع بکەیت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بپچڕێنیت. ئەمە وێڕای ئەوەی لە کۆتایی گوتەکەدا نەیار بۆ بازنەی کوفر ڕاپێچ دەکەن. ئیتر لای هەمووان ڕوونە کافربوونی کەسێکی پێشینە موسڵمان، چەندان حوکمی توند و خوێناوی لەسەر کەڵەکە دەبێت.

پچڕاندنی ئەم پەیوەندییانە هەر لەسەر ئاستی ناک و قسەکردن نییە، بەڵکو توخنی کۆی کایەکانی ژیان کەوتووە. بۆ نموونە: هەر کەسێک کچی بدایە بیدعەچیی ئەوە پەیوەندیی ڕەحمی (صلة الرحم) پچڕاندووە، ئەوەشی دوای کەژاوەی ئەرمی بیدعەچی بکەوێت، دەکەوێتە بەر خەشمی خوا هەتا دەگەڕێتەوە..(٢٢) جارێ واز لەوە بێنە ئەمە حوکمدانێکە لەباتی خوا، بڕوانە ئەمە چۆن دەڕوانێتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پرۆسەیەکی وەک هاوسەرگیری؛ پەیوەندییەکی ئەوپەڕی خودیيە و بڕیاری تاکە، بەڵام ئەمەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجی باوکی کچ! گەر وا نەکات ئەوا پەیوەندییە میهرەبانییەکەی خودای پچڕاندووە، ڕێک مەسەلەکە بە پێچەوانەوە وەسف دەکات. هەروەها بڕوانە ئەمە هەر لەو پەیوەندیی زیندووەکان ناوەستێت، کورد دەڵێ: مردوو شەیتانیش دەستی لێ هەڵدەگرێت، بەڵام بابای جیاواز و ئەوی تر، بە مردوویش هەر بێزراو و نەویستراوە لەلای ئەم جۆرە ئاڕاستەیە بیرکردنەوە، نەک نابێ ڕەحمەتی بۆ بنێرێت، بگرە بە دوای تەرمەکەیشی بچیت بەرەو گۆڕستان ئەوا دەکەویە بەر خەشم و غەزەبی خودا، نەک هەر بڕیاردان بەناوی ئاڕاستەیەک، بەڵکو بڕیاردان لەباتی خودا. ئەم بنەمایە چەندان خێزانی لەنێوان خۆیاندا هەڵوەشاندۆتەوە. مندااڵ تۆمەتی کوفر و شیرکی داوەتە پاڵ باوکی.. کچ گوێرایەڵیی باوکی ناکات بە بیانووی بیدعە.. ژن هاوسەرەکەی بەجێهێشتووە، بەبێ تەڵاق شووی بە پیاوێکی تر کردووە، بە بانگەشەی ئەوەی هاوسەرگیریی یەکەمی، هەر مارەییان نەهاتووە، چونکە کافر بووە، مارەی ئافرەتی موسڵمان لە پیاوی کافر نایەت»(٢٣).. ئیتر..

بۆیە ئەمە ئاساییە کە یەکێک لە سەلەفییە ناودارەکانی کورد، سەرکۆنەی یەکێک لە قوتابی و لایەنگرانی دەکات، لەسەر سەلامکردن و تۆقەکردن لەگەڵ خزمانی، کە تۆمەتبارن بە حزبیی و موبتەدیع، تێیدا پێداگیرە لەسەر ئەوەی گەر تەنانەت برای خۆت موبتەدیع بێت، دەبێت پەیوەندیی لەگەڵ بپچڕێنیت. کە قوتابییەکەشی دەڵێت: ئەمە ناکرێت و بۆ ئەمڕۆ سەختە. کەچی مامۆستاکەی پتر سەرکۆنەی دەکات و دەنگی بەسەردا بەرزدەکات و پێی دەڵێت: خەلەل لە عەقیدە و مەنهەجت هەیە.. و تەلەفۆنەکەی بەسەریدا دادەخاتەوە(٢٤). ئەمە بە هەرجۆرێک بێت، دواجار لە دارمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دەبینێتەوە، ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو دەبێتە بەدیلی کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بە جۆرێک هەڵتەکاندنی شیرازەی خێزان دەخاتەوە.

**ترازانی سەلەفی، هەجری ناوخۆیی:**

هەر تەوژم و ئاڕاستەیەک بەردەوام لەسەر خۆجیاکردنەوە و جیاکردنەوەی ئەوانی تر کاربکات. ئەوا زۆر ئاسایی لە هەر باروودۆخێکدا ترازانی تێدەکەوێت. چونکە سرووشتی مرۆڤ وایە، کەس کۆپی سەد لە سەدی ئەوی تر نییە. بۆیە لە هەر


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

دەرفەت و پێشهاتێکدا ئاسایی جیاوازیی دەردەکەون. بەڵام لەبەرئەوەی هەر ئاڕاستەیەک نەتوانێ لەگەڵ جیاوازی هەڵ بکات، و پێی قووت نەدرێ. ئەوا دواجار لەناو ماڵی خۆیشیدا ئەم جیاوازییە هەر ڕوودەدات. بەڵام هەڵ نەکردن و هەجر لەناو یەک ئاڕاستەدا دواجار هەمان ئەم کێشە کۆمەڵایەتییانەی لەگەڵ ئەوی تریان دەخستەوە، ئێستا دەکەوێتە نێوان هەمان هاوڕا و هاوڕێیانی دوێنێ.

ئەڵبەت ئەمەشیان هەر شتێکی نوێ و تازە بابەت نییە، بەڵکو لە هەمان ئاڕاستەدا ڕەگ و ڕیشەی هەیە. بۆ نموونە: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل زیاد لە ئەندازە ئەو کەسانەی شکاندۆتەوە کە موتاڵای کتێبی کەلام دەکەن، تا گەیشتۆتە ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ حارسی مەحاسیبییدا بڕی بەو هەموو لەخواترسی و زوهدەی حارس هەیبوو، بە هۆی نووسینی کتێبێکەوە کە لە وەڵامی بیدعەچییەکان (نەیارانی حەنابیلە) دایناب‌وو، پێی گوت: تۆ سەرەتا بیدعە و گومانەکانی ئەوانت گواستۆتەوە و پاشان بەرپەرچیان دەدەیتەوە، مەگەر کارەت نابێتە هۆی ئەوەی خەڵک بیدعە بخوێننەوە و بیر لەو گومانانە بکەنەوە، ئەمەش ڕاپێچیان دەکات بۆ دەربڕینی ڕا و لێکۆڵینەوە(٢٥). بڕوانە ئەمە نەک ئەوەی کەسەکە جیاواز بێت، بەڵکو ڕای جیاوازیش نەقڵ بکات دەکەوێتە بەر ئەم نەشتەرەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەبێتە قوربانی ئەو بوارە ماریفەتییەی کاری تێدا دەکات. بە شێوەیەک ئەم بنەمای نەخوێندنەوەی ئەوی تر، بە شێوەیەک بەرتەنگە زۆر ئاسایی دزە دەکاتە ناو خودی هەمان ئاڕاستەش، کە وا دەکات هاوبیرەکان لەسەر جیاوازییەک لە یەکتر دەبنە ئەوی تر و ناکۆک لەگەڵ یەکتر.

لە هەرێمی کوردستانیش هەمان دۆخ دووچاری ئەم ڕەوتە بۆتەوە، بۆ نموونە: لە ساڵانی زوو کەوا ئەم ئاڕاستەیە بە هەمان نەفەسی سەردەمی کۆن هەجری ئەوانی تری دەکرد، کاریان سانائر بوو. بە تایبەت (بۆ نموونە) لەسەر ئەوەی داخۆ زەکات درووستە بدرێتە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی یا نە. گەر کەناڵەکە دینی بێت یاخود سەر بە ئەوژمێکی ئیسلامیی بێت. ئەوساکە کۆی ئەم ئاڕاستەی کە بە سەلەفی (مەدخەلی) ناسراوە، دژی ئەوە بوون کەوا بە هیچ جۆرێک درووست نییە زەکات بدرێتە کەناڵی تەلەفزیۆنی، با بەرنامەکانیشی دینی بن و سەد لە سەد لەسەر قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینانی ئۆمەت بن. بەڵام دوای ئەوەی کەسێکی دیاری ئەم ڕەوتە دەبێتە خاوەنی کەناڵی ئاسمانی، ئیتر دەردەکەوێت کەوا کەناڵی ئاسمانی پارەی دەوێت و هەروا بە ئاسانی بەڕێوە نابرێ. بۆیە داوای زەکات دەکات بۆ کەناڵەکەی و فتوای ئەوە دەدات کەوا زەکات بە کەناڵی تەلەفزیۆنی دەشێت، بەو مەرجەی پەیامی خوا وەک خۆی بگەیەنێتە خەڵک، بەو ئاڕاستەی ئەوان. بۆیە جگە لە بوونی چەندان ململانێی ناوەخۆیی، لەلایەن بەشێکی سەرانی ئەم ئاڕاستەیە بە ئاشکرا دەنگی ناڕەزایی و دژایەتی ئەمە بەرزبۆوە. هەردوولا کەوتنە دژایەتی و یەکتر تۆمەتبارکردن بە لادان لە مەنهەج(٢٦)! بگرە یەکتر وەسفکردن بە حەسوودی و ڕق و وەسفی سەیر و سەمەری تر، ئەمە جگە لەوەی هەر کەسێک نزیکی ئەوی تریان بێت، ئەوا لە لایەن بەرەی خاوەن کەناڵەکەوە ڤیتۆی لەسەرە و بە هیچ شێوەیەک وتارەکانیان دانابەزێنرێت و هەجرکراون. بگرە هەندێ جار ناو و ناتۆرەش لە یەکتر دەنێن.

**ئەنجام:**

دیاردەی هەجر و پشتکردنە یەکتر لەسەر ڕایەکی دینی، بیرێکی نامۆیە بە گشتیی و بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردەواری. جا بەر هەر پاساوێکی دینی و بنەچەیەکی مەزهەبی و عەقیدەیی بێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان داتاشینی ئایدیۆلۆجیایەکە لە دین یاخود مەزهەب یا ئاڕاستەیەکی دیاریکراو لەناو چوارچێوەی ئیسلامەتی.تەبەنیکردنی ئەم بیرۆکەیە لەلایەن ئاڕاستەکانی سەلەفییەت، لە خۆوە نییە ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی نێوە کتێبەکانی پێشینانی خۆیانی هەیە.

هەر پیادەکردنێکی سیاسەتی هەجرکردنی ئەوی تر، سەردەکێشێت بۆ تێکدانی ڕەوشی گشتی کۆمەڵگە و شیرازەی خێزان بە تایبەتی. کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری و کەشی ناو خێزان هەیە. چونکە لە پچڕاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە تۆمەتبارکردن بە بیدعە و گومڕایی، هەر بەمەشەوە ناوەستێت سەردەکێشێت بۆ تۆمەتبارکردن بە کوفر و شیرک. ئەڵبەت ئەم جۆرە لە تەکفیر و تەشریکە چەندان حوکم و سزای لەسەر کەڵەکە دەبێت، بەڵام ئەوەی کەوا سەلەفییەت لە حوکمدا نییە، ناتوانن بە ئاسانی پاکتاوی ئەوی تر بکەن، وەک ئەوەی ڕوودەدات لە سایەی حوکمە سەلەفییەکانی وەک سعوودیا و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام و ئەفغانستان و ... هتد.
نەخوێندنەوەی ئەوی تر، چ لە دەرەوەی دین، چ ناودین، هەر لەم بازنەیە ناوەستێ. بەڵکو ئەگەر ئەمە ببێتە ڕێسایەک بۆ کۆی پەیوەندییەکان، ئەوا بە هۆی بوونی جیاوازییەک لەناو خودی هەمان ئاراستەش، دواجار ڕەوتی جیاجیای لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی ترازانی ناوخۆیی و هەجرکردنی یەکتر. ئەمە لە دوا قۆناغدا جۆرێک لە نامۆبوون دەخاتەوە، وەک ئەوەی تاک خۆی بە تەنیا بمێنێتەوە نەتوانێ هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ کەسی تری جیاواز لە خۆی هەبێت.
ئەم جۆرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوی تر، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت. هەر لە خزمایەتییەوە بیگرە، ناو خێزان.. تا دەگاتە پەیوەندیی دراوسێتی و هەروەها هەڤاڵێتی، و هاوکاری و کارکردن و کۆی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


(١) ابـن منظـور (٢٠٠٠)،لسـان العـرب، ج٧، دار صـادر، بيـروت، ص٢٣٣.

(٢) السـيلي، عبـد العزيـز (١٩٩٥) العقيـدة السـلفية بيـن الإمام ابـن حنبـل والإمـام ابـن تيميـة، دار المنـار، القاهـرة، ط ٢، ص٢٤.

(٣) البخاري (١٩٨١) (١٤٠١هـ)، صحيح البخاري، دار الفكـر، بيـروت، ١٥٧١.

(٤) التهانـوي، محمـد بـن علـي (١٩٩٨)، كشـاف اصطـلاح الفنـون، تحقيـق: احمـد حسـن بسـج، دار الكتـب العلميـة، بيـروت، ج٢، ص٣٥٨.

(٥) ابـو زهـرة، محمـد (بـلا تاريـخ طبـع) تاريـخ المذاهـب الإسـلامية، دار الفكـر العربـي، بيـروت ، ص١٧٨.

(٦) مسـلم (٢٠٠١)، صحيـح مسـلم، دار الكتـب العلميـة، بيـروت، ص١٩٠٥.

(٧) السـقاف، حسـن بـن علـي (بـلا تاريـخ طبـع)، السـلفية الوهابيـة افكارهـا الاساسـية وخذورهـا التاريخيـة، دار الامـام الـرواس، بيـروت، ص١٤٧-١٥٠. کـۆی ڕیوایەتـەکان و ئاوتوێکردنیـان لـەم چـوار لاپـەڕەی ئـەم سـەرچاوەیە، بـۆ کورتبـڕی یـەک یەکیمـان نەگێڕاوەتـەوە سـەر سـەرچاوەکانیان.

(٨) السـقاف، حسـن بـن علـي (بـلا تاريـخ طبـع)، المصـدر نفسـه، ص١٤٨.

(٩) مصـر مـاي لـف(٢٠١١)، العلامـة الحوينـي يحـل الأزمـة الاقتصاديـة فـي دقيقتيـن، قنـاة يوتيـوب،
٩٦sBVSvbnsI=https://www.youtube.com/watch?v

(١٠) الجوزيـة، ابـن القيـم (١٩٩٧) احـكام اهـل الذمـة، ج٤، تحقيـق: يوسـف بـن احمـد البكـري و شـاكر العرعـوري، رمـادي للنشـر والتوزيع/السـعودية، ص٤٣٨.

(١١) د. عەبدولواحیـد(٢٠١٨)، ئێزیدییـەکان کێـن، کەناڵـی کـورد ڤیڤـی.
https://www.youtube.com/watch?v=UzqupVsiMsc

(١٢) م. فەرزەنـدە(٢٠١٩)، مەسـیحی و جووهـی کافـرن بـە بەڵگـە، کەناڵـی ڕیـکا خـودێ.
https://www.youtube.com/watch?v=fh٥nMpjeGys

(١٣) احمـد، دکتـور عبداللطیـف (٢٠١٥)، پرسـیار و وەڵام دەربـارەی شـەوی سـەری سـاڵ، کەناڵـی ماموسـتا رمضـان شـکور.
٦Oh٥aCc_https://www.youtube.com/watch?v=Ryi

(١٤) عالآیـی، عەبدوڵـڵا فایـق (٢٠١٥)، سـەلەفییەت و کۆمەڵگـەی کوردیـی، زنجیـرەی ئاییـن ناسـی- کتێبـی دووەم: ماڵـی وەفایـی، هەولێـر، ل١٢٤.

(١٥) ابـن عثيمـين، الشـيخ محمـد بـن صالـح(١٩٩٧) اجابـات مفيـدة وتوجيهـات سـديدة، جمعهـا و اعتنـى بهـا محمـد الناصـر العرينـي، مكتبـة الملـك فهـد الوطنيـة، ل٣٤.

(١٦) لـە یوتیـوب بنووسـە حوکمـی ڕیـش، دەیـان وتـار و فتـوای ئـەم ڕەوتـە دەدۆزیتـەوە، لەبـەر درێـژدادڕی زۆری بەسـەردا نەچـووم.

(١٧) وەک: خوشـکانی نیقـاب، نیقـاب پۆشـەکان، نیقـاب تاجـی سـەرمە، ڕێـگای نیقـاب، تاجـە نیقابەکـەم، نیقابـی مـن، نیقـاب و ترسـان لـە خـوا، نیقابـی جوان...هتـد.

(١٨) قنـى ابـن الجبـل، قناة يوتيـوب (٢٠١٤)، فتـوى الشـيخ الفـوزان: وجـه المـراة اعظـم عـورة وفتنـة عظيمـه،
٢jw٤zKDET٥U=https://www.youtube.com/watch?v

(١٩) خالـد، عبداللـە، فەتـوای گـەورە زانایـان سـەبارەت بـە حوکمـی شـوفێری ئافرەتـان.. هەرچەنـد ئـەم کتێبـەم دەسـت نەکـەوت وێـڕای گـەڕان، هەروەهـا وتەبێـژی و ڕۆشـنبیری ڕەتیکـردەوە کتێبـی لـەم جـۆرە لـە کوردسـتان هەبێـت. بـەڵام دواجـار هـەر لـە کەناڵـی ئامـۆژگاری سـەلەفییەکان بـە ئاشـکرا حوکمـی حەرامێنـی ئەمەیـان بـە فتـوادراوە.
https://www.dwarozh.net/details.
≠٤٧٨٨٩ =aspx?jimare

(٢٠) عالآیـی، عەبدوڵـڵا فایـق (٢٠١٥)، سـەرچاوەی پێشـوو، ١٩٢.

(٢١) هەمان سەرچاوە ل٣٤٢.

(٢٢) هەمان سەرچاوە.

(٢٣) ابراهيـم، محمـد زكـي ابراهيـم (بـدون سـنة الطبـع) السـلفية المعاصـرة الـى ايـن؟ ط:٢ مؤسسـة احيـاء التـراث الصوفـي، القاهـرة، ص١٤.

(٢٤) پێگـەی هەواڵـی دووربیـن، عبداللطیـف مەدخەلـی، کەناڵـی یوتیـوب، ٢٠١٢
https://www.youtube.com/watch?v=fBsQIbSbdco

(٢٥) ابـن تيميـة (١٩٩١)،درء تعـارض العقـل والنقـل، ج٧، ط:٢- جامعـة الامـام محمـد بـن سـعود الاسـلامية، السـعودية، ص١٤٧.

(٢٦) رحمـان، زیـرک احمـد(٢٠١٥) جائیـزە زەکات بدرێتـە کەناڵـی ئەلەفزیۆنـی؟ https://www.facebook.com/
/٨٠١٥٢٩٨٥٤٩١٨٥٥٩٢٠/٦٣٠٦٢٠٩١٩.zirakgomashini/videos/vb
video_source=user_video_tab&٢=type?

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS